# میمۆری کارتێکی یەک ترابایتی

چەند ساڵ لەمەوبەر تەنانەت بیرکردنەوەش لە بەرهەمهێنانی کارت میمۆرییەکی ترابایتی وەك خەون دەهاتە بەرچاو، بەڵام ئەمڕۆکە ئەو خەونە لەلایەن کۆمپانیای «سن دیسك و مایکرۆن» بوو بە راستی.

لە سەرەتای ٢٠١٩دا دوو کۆمپانیای ناوبراو لە پێشانگای ساڵانەی MWCدا هەر کام بە جیا میمۆری کارتە یەك ترابایتیان خستەڕوو.

بۆیە هەرکامیان خۆیان بە براوەی یەکەم دادەنێن و دەڵێن ئێمە پێشەنگ بووینە لە بەرهەمهێنانی میمۆری کارتی یەك ترابایتیدا، کۆمپانیای مایکرۆن یەکەم بووە لە داهێنانەکەدا، بەڵام ئەوەی «سەن دیسك» خێراییەکەی زیاترە و دەگاتە ١٦٠ میگابایت لە چرکەیەکدا، ئەوەی «مایکرۆن»یش ١٠٠ میگابایتە لە چرکەیەکدا.







# فلاش میمۆرییەک تـ

مۆبایلەکان شوێنگرەوەیەکی باشن بۆ کۆمپیوتەر، بەڵام کێشەیەك لە مۆبایلەکاندا هەیە کە زۆریان بەهۆی کەمبوونی شوێنی داکردنی داتاکان واتە میمۆری بەردەوام دەبێت وێنە و فیلمەکان لەسەر کۆمپیوتەر دابندرێن، بۆ ئەوەی یادگەی (میمۆری) مۆبایلەکە پڕ نەبێت. لەم دواییەدا فلاش میمۆری تایبەت بە مۆبایلیش بەرهەم هاتووە، c10 فلاشێکی تایبەت بە مۆبایلە. فلاش میمۆری ئاماژە پێکراو گەلێك گرفتی لەکۆڵ کردۆتەوە، وەك گرفتی کەمبوونی شوێنی داکردن، گونجان لەگەڵ هەموو

# کامێرایەکی ٣٦٠ پلەیی سێ رەهەندی




جیهانی کامێرای دیجیتالی هەر بەشێواز و ستایلی خۆیەوە نەماوە و گۆڕانی زۆری بەسەرداهاتووە، هەم لە رواڵەتدا و هەم لە کارو ئەرکەکانیدا. کامێرای ٣٦٠ پلەیی، سێ رەهەندی، کامێرای جوڵەدار و..تاد. یەکێك لە کامێرا سەرنج راکێشەکان کامێرای جۆری Vuze XRە ئەم کامێرایە هەم دوو رەهەندییە و هەم سێ رەهەندییە، کە فیلم و وێنەی گۆ شێوە بەشێوەی سێ رەهەندی نیشان دەدات.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی کامێراکە:

- شێوازی دوو رەهەندی و سێ رەهەندی.
- 4k بە توانای نیشاندانی ٦٠ فرێم لە چرکەیەکدا.
- کوالیتی نیشاندانی وێنە بە ئاستێکی زۆر بەرزەوە.




# ئامێرێکی دیجیتالی بۆ دۆزینەوەی گیانلەبەران

لەم سەردەمەدا ئامێرە دیجیتالییەکان بە جۆرێك کەوتوونەتە خزمەتی مرۆڤ، کە ترسی ئەوەت نییە منداڵەکەت لە دەرەوە ون ببێ، یان پیر و بەساڵداچووەکان ماڵیان پێنەزاننەوە، لەوەش زیاتر تەنانەت بەهۆی ئەو ئامێرە دیجیتالیانە دەتوانرێ بزاندرێ گیانلەبەرانی ماڵەوەت لە کوێن و ئەگەر بشیاندزن بکرێت بە ئاسانی بدۆزرێنەوە.

ملوانکە یا پەتی گەردنی گیانلەبەرانیش بۆت دیجیتالی، ئامێری (Myki pet) بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای GPS و وای-فای دەتوانن گیانلەبەرانی ماڵەوەیان وەك سەگ و پشیلە بدۆزنەوە. بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەکرێت شوێنی مانەوەی گیانلەبەرەکان، مەودای رۆیشتنیان لەسەر مۆبایلی بەکارهێنەرەکەی ببیندرێ.





## کامێرایەک بەقەدلەپی دەست

لەم ماوەیەدا سۆنی بچووکترین کامێرای خۆی بەناوی RXO II خستەڕوو، کامێرایەکی بچووك بەڵام بە توانایەکی مەزنەوە، ئەم کامێرایە دەتوانێت فیلمەکان بە کوالیتی 4K بگرێت.

دیارە ئەم کامێرایە ڤێرژنی دووەمی کامێرای جۆری ROXە کە ساڵی رابردوو سۆنی خستبوویە بازاڕ، لە دیزاین و قەوارەدا بەقەد یەکن، بەڵام تواناکانی پەرەیان پێدراوە.

گرنگترین جیاوازی کامێرای ناوبراو لەگەڵ ڤێرژنی پێش خۆی ئەوەیە کە شاشەیەکی جۆری LCD لە پشتەوەی هەیە کە دەسووڕێت و جێگیر نییە، ئاوی تێناچێت و لە قوڵایی دە مەتریش کێشەی بۆ نایەتە پێش، لە بەرزایی ٢ مەتریش بکەوێتە خوار کێشەی جێی نیگەرانی نییە، ئەگەر تەنێکی قورستر لە دوو سەد کیلۆشی پێبکەوێ کێشەی نییە.

هەروەك ئاماژە درا بە کوالیتی 4K فیلم هەڵدەگرێتەوە و پێویستی بە میمۆریش نییە، بەڵام ڤێرژنی پێشتر پێویستی بە میمۆری هەبوو. کوالیتی وێنەکان ١٥ میگاپیکسلن، ئاوێنەکەی ٢٤ ملمە. شازدە وێنە لە یەك چرکەدا دەگرێت.




## ـــــــــایبەت بە مۆبایل

جۆرە مۆبایلێك، لە یەك کاتدا لەگەڵ مۆبایل و کۆمپیوتەر پێکەوە پەیوەند دەدرێت. خێرایی فلاشەکە ٥ گیگابایت لە چرکەیەکدایە، توانای داکردنی لە ١٦ گیگابایتەوە هەتا ١٢٨ گیگابایتە. دیزاینێکی سەرنج راکێشی هەیە. بە ئاو تێکناچێ و تۆز و خۆڵیش کێشەی بۆ دروست ناکا. تایبەتمەندییەکی گرنگ لەو فلاش میمۆرییەدا ئەوەیە کە هەر فایلێك لە فلاش میمۆرییەکەدا بیسڕیەوە بەهۆی پرۆگرامێك کە لە خودی فلاشەکەدا هەیە دەکرێت فایلەکە بگەڕێنییەوە.




## تەبلێتێک ئەرکی هاب ئەنجام دەدا


هاب (hub) ئامێرێکە کە ئەرکی ڕێکخستنی بەرێکردنی داتاکانە بۆ ئامێرەکان، واتە ئەرکی ئەوەیە لە ئامێرێکەوە داتایەك بۆ ئامێرێکی دیکە بگوازێتەوە، بۆ نموونە لە تۆڕێکی کۆمپیوتەردا کە ٢٠ کۆمپیوتەر هەیە پێویستت بە (هاب)ە بۆ ئەوەی داتاکان لە کۆمپیوتەرێکە بۆ کۆمپیوتەرێکی دیکە بگوازێتەوە، ئەگینا دەبا بۆ گشت کۆمپیوتەرەکان وایەری تایبەتی ڕاکێشرابا.

لەم ماوەیەدا HTC تەبلتێکی بەرهەمهێناوە کە سیستەمی ئینتەرنێتی 5Gی لەسەرە و دەکرێت وەك (هاب)ێکی ناوەندی و مۆدێمێکی 5G سوودی لێوەربگیردرێت.

سیستەمی 5G ڕەنگە هەتا چەند ماوەیەکی دیکە نەبێتە تۆڕێکی گشتگیر، بەڵام لەداهاتوودا جێگەی گشت سیستەمەکان دەگرێتەوە. هابی HTC 5G Hub لە ڕاستیدا تەبلێتێکە و شاشەیەکی ٥ ئینجی هەیە و سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە. ئەم بەرهەمە ڕۆتێرێك کار دەکات و خێراییەکی زۆری هەیە لە گواستنەوەی ئینتەرنێتدا. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی هاب تەبلێتەکە:

سیتسەمی ئەندرۆیدی ٩ی لەسەرە، رامەکەی ٤ گیگابایتە، میمۆرییەکەی ٣٢ گیگابایتە، شوێنێ دانانی کێبڵێکی (ئەتەرنێت)ی هەیە بۆ بەستنەوە بە ئامێرەکانی دیکە و لە یەك کاتدا دەتوانرێت ٢٠ ئامێری دیکە سوودی لێوەربگرن. دەکرێت بە ئاسانی فیلمی k٤ی پێ دانلود بکرێ، یارییە ئۆنلاینەکان بەبێ گرفت دەکرێنەوە. تەبلێت هابی ناوبراو باترییەکی بەهێزی لەسەرە دەکرێت ڕۆژێکی تەواو شەحن نەکرێتەوە.

## گرنگترین پرۆگرامی سکانکردن




پرۆگرامی VueScan باشترین و بەهێزترین پرۆگرامە بۆ سکانکردنی وێنە و داتاکان. ئەم پرۆگرامە لەگەڵ گشت سکاینەرێك دەگونجێت و ئەوەی پەیوەندی هەیە بە سکانکردنەوە لەو پرۆگرامەدا هەیە. هەروەك چۆن فۆتۆشۆپ وەك ناسراوترین پرۆگرامی فۆتۆ و گرافیك ناسراوە، ئەم پرۆگرامەش وەك بەهێزترین پرۆگرام لەلایەن وێنەگرانی پێشەییەوە ناسراوە. توانای ڕێکخستنی چۆنییەتی، ڕێکخستنی فۆرمات، پێشنیشاندانی وێنەی سکانکراو، توانای دەستکاری کردنی ڕەنگەکان.

پرۆگرامی ئاماژە پێکراو لەگەڵ زیاتر لە ٧٠٠ جۆری سکاینەر و ٢٠٩ جۆری کامێرای دیجیتالی دەگونجێت. هەتا ئێستا زیاتر لە ٥ ملیۆن کەس سوودی لێوەردەگرن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، چۆن دەکرێت تێکڕای ژمارە تەلەفۆنەکانی سەر مۆبایلەکەم بۆ مۆبایلێکی دیکە بگوازمەوە؟**

خوێنەری بەڕێز ئەگەر مۆبایلەکەت سیستەمی ئەندرۆید بێت گواستنەوەی ژمارە تەلەفۆنەکان زۆر ئاسانە، ئەگەر لە مۆبایلی یەکەمتدا هەژماری گوگلی تایبەتی خۆت هەبێ، واتە جیمەیلی خۆت دانابێ و ئەوە لە مۆبایلی دووەمدا هەرکە جیمیلەکەت بنووسی، ئۆتۆماتیکی ژمارەکان دەگوازرێنەوە. ئەگەر نا بچو سەر setting و دەفتەری ژمارەکان و هەڵبژێرە و لەوێشدا بەشی Export بدۆزەوە، واتە بەرێکردن و وەرگرتن، دەتوانی هەموو ژمارەکان بکرێن بە فایلێك و لەسەر میمۆری یا خودی مۆبایلەکە خەزن بکەی و پاشان بە بلوتوس یان بە هەر پرۆگرامێکی دیکە فایلەکە بگوازیەوە و دواتر لە مۆبایلە نوێیەکەشدا هەر بچووە و هەمان بەش و بەڵام ئەمجارەیان Import هەڵبژێرە و لەوێشدا ئەو فایلەی وەرتگرتووە بدۆزەوە و بە ئاسانی هەموو ژمارەکان دێنە ناو مۆبایلە نوێیەکەت.

# کۆمپیوتەرێکی بەهێز و قەوارە بچووک




کۆمپیوتەرەکانی تایبەت بە گەیم بە گشتی دەبێ لە هەموو بوارێکەوە تواناکەیان لەسەرێ بێت. رام، هارد، کارتی شاشە، گشت پارچەکانی دەبێ زۆر بەهێز بن. کۆمپیوتەرەکانی تایبەت بەگەیم بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی ئاماژەمان پێدا، هەمیشە قەوارەیان گەورەیە و شوێنێکی زۆر دەگرن، بەڵام لەم دواییەدا کۆمپیوتەرێکی قەوارە بچووك و بە توانایەکی بەهێزە بەناوی ZOTAC MEK Mini بەرهەم هاتووە. کەیسی کۆمپیوتەرەکە واتە چوارچێوەکەی ٩,١٨ لیترە، دیزانێکی سەرنج راکێشی هەیە، لەگەڵ کۆمپیوتەرەکە ماوس و کیبۆردێکی تایبەت بەخۆشی لەگەڵدایە.

پرۆسیسەرەکەی ٦ ناوەکییە، رامەکەی ١٦ گیگابایتە. هاردەکەی ٢ ترابایتە.



## ماڵپەرێك بۆ فێربوونی مۆسیقا

لەم جیهانە مەجازییەی ئینتەرنێتدا گەڵێك ماڵپەڕ هەن کە ئەرکەکانی تایبەت بە مۆسیقا ئەنجام دەدەن، وەك فێرکردن و راهێنان و ئەرکەکانی دیکە. ماڵپەڕی https://musiclab.chromeexperiments.com /یەکێکە لەم ماڵپەرانە. ماڵپەرەکە لە ساڵی ٢٠١٦وە دروستکراوە و لە ١٣ بەش پێکهاتووە. لەم سایتەدا ئۆگرانی مۆسیقا دەتوانن ئاشنا بن بە ریتم، میلۆدی، هارۆمۆنیك و... تاد. لەراستیدا بۆ فێربوونی مۆسیقا لە ریزی باشترین سایتەکان دادێت. ئۆگرانی مۆسیقی بەتایبەتی تازەکارەکان دەتوانن باشترین ئاوازەکانی خۆیان دابنێن. خاڵی ئاماژە پێدانە زۆر لە مامۆستایانی مۆسیقیش لەم سایتەدا وانەکانی خۆیان دەڵێنەوە.

# پاوەربانکێکی بەهێز مۆبایلێکی هۆشمەندی لەگەڵدایە




کۆمپانیای ناسراوی (Energizer) کە لە بواری بەرهەمهێنانی پاوەربانکدا چالاکییەکانی چڕکردۆتەوە، لەم دواییەدا پاوەربانکێکی بەهێزی بەناوی Energizer Power Max P18K Pop بەرهەم هێنا، کە لە راستیدا مۆبایلێکی هۆشمەندە بە باترییەکی گەورەی ١٨ هەزار میلی ئامپێری.

مۆبایلە بەهێزە، یان پاوەربانکە گەورەکە بارستاییەکەی ١٨ ملمە. بە ئاسانی لە بەرکدا جێگای نابێتەوە و هەڵناگیردرێ، چونکە بەقەد سێ مۆبایل دەبێت. بەهۆی ئەو مۆبایلە یان پاوەربانکە دەتوانرێت بەبێ پچران هەتا ٤٨ کاتژمێر فیلم لێبدرێ.

سێ کامێرا لە پشتەوەی مۆبایلەکە هەیە و لەگەڵ دوو کامێرا لە پێشەوە. رامەکەی ٦ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگابایتە. سیستەمی ئەندرۆیدی ٩ی لەسەرە. بە ٨ کاتژمێر پاوەربانکەکە بەتەواوی شەحن دەبێتەوە.